سوپای پاسداران: رێگریمان لە□ س□ □ە□ کە‌شتی کرد بۆ تێپە‌ڕبون بە‌ گە‌روی هورمزدا

سوپای پاسدارانی ئێران رایگە‌یاند، سە‌رلە‌بە‌یانی ئە‌مڕۆ هە‌ینی، سێ کە‌شتی کە‌ ویستویانە‌ بە‌ گە‌روی هورمزدا تێپە‌ڕن، دوای ئە‌وە‌ی هێزە‌ دە‌ریاییە‌کانیان هۆشداریان پێداون کە‌شتییە‌کان گە‌ڕاونە‌تە‌وە‌.

سوپای پاسدارانی ئێران، لە‌ راگە‌یە‌ندراوێکدا وتی، سە‌رلە‌بە‌یانی ئە‌مڕۆ هە‌ینی و "دوای درۆکانی سە‌رۆکی ئە‌مریکا" لە‌بارە‌ی کراوە‌بونی گە‌روی هورمزە، س□ کە‌شتی هە‌ڵگری کۆنتێنە‌ر کە‌ سە‌ر بە‌ وڵاتانی جیاجیابون دە‌ستیان بە‌ جوڵە‌ کرد بە‌رە‌و ئە‌و رێڕە‌وە‌ ئاوییە‌ی دیاریکراوە‌ بۆ تێپە‌ڕبونی ئە‌و کە‌شتیانە‌ی مۆڵە‌تیان هە‌یە‌.

وتوشیە‌تی، هە‌ر سێ کە‌شتییە‌کە‌ دوای ئە‌وە‌ی هێزە‌ دە‌ریاییە‌کانی سوپای پاسداران هۆشداری پێدان، گە‌ڕانە‌وە‌.

سوپای پاسداران جە‌ختی کردۆتە‌وە‌ کە‌ گە‌روی هورمز داخراوە‌و هە‌ر جۆرە‌ هاتوچۆیە‌ك بە‌و

گە‌روە‌دا روبە‌ڕوی بە‌رپە‌رچدانە‌وە‌ی توند دە‌بێتە‌وە‌.

ئە‌وە‌شی خستۆتە‌ڕو، هاتوچۆی هە‌ر کە‌شتیە‌ك لە‌ بە‌ندە‌رە‌کان و بۆ بە‌ندرە‌کانی هاوپە‌یمانان و پشتیوانانی ئیسرائیل و ئە‌مریکا لە‌ هە‌ر رێڕە‌وێکی ئاویە‌وە‌ قە‌دە‌غە‌یە‌.

ئە‌وە‌ش لە‌کاتێکدایە‌ کە‌ دوێنێ پێنجشە‌ممە‌، دۆناڵد ترە‌مپ، سە‌رۆکی ئە‌مریکا رایگە‌یاند، ئێران وە‌ك نیشاندانی نیازپاکی بۆ دانوستان رێگە‌ی بە‌ تێپە‌ڕبونی 10 کە‌شتی نە‌وتهە‌ڵگر بە‌ گە‌روی هورمزدا داوە‌.